www.kurdistannet.org

10-11-2006 15:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## كوردستان مەكەن بە شێخەڵڵای لەهجەكان. ! ... موحسین جوامێر



پێش ماوەیەك لە كەناڵێ كوردستان ـ تیڤی و لە برگەیەكی دەنگوباسدا، لەمەڕ چالاكیی خوێندنی كوردی لە ئەڵمانیا، پەیامنێرەكە بەڵێنی بە بینەران دا كە لە داهاتوویەكی نزیكدا بەرنامەیەكی تایبەت و تێروتەسەل لەمەڕ قوتابخانەیەكی ـ نموونەییی كوردی ؟ّ! ـ كە تێیدا زارۆكان بە سۆرانی و بادینی دەخوێنن، پێشكەش دەكرێت.. پەیامنێر، ئەم خەبەرەی بە ئاوازێك وت، وەك بڵێیت موعجیزەیەك هاتبێتە خوارەوە، شایەنی ئەوە بێت خەڵكی بە دەوریدا تەواف بكەن و دوعای مانەوە و عەمردرێژیی بۆ بكەن و نوقڵانەی خۆشیی بۆ لێ بدەن، چ لە سەرووی كوردستان و چ لە خوارەوە.. چونكە چ لەوە خۆشتر هەیە دوو منداڵی كورد ـ لە یەك مەكتەب و لە دوو ژووردا ـ بە دوو لەهجە بخوێنن، خۆ ئەگەر لەهجەی دیكەش هەبن، ئەوە خێری عەلا خێر، چ بۆ مێ بێ و چ بۆ نێر. !

ئەگەر خوا بەختی میللەتێكی برد، وەك كوردی لێ بەسەر دێت.. پێ لە بەختی خۆی دەنێت وخۆیشی نازانی چی دەكات وچی دەوێت.. هەتا دوێنێ تەعریب دەكراین و بە دەستیەوە دەماننالاند، زمان نەما پێی نەنووسین و دامودەزگە نەما سكالامانی پێشكەش نەكەین، ئێستەیش واخەریكە بەدەستی خۆمان ئەوەی بەعس بیری لێ نەدەكردەوە، دەیكەین. !

ئەگەر ئەوەندە لێهاتوو و دووربین بین، وای لێدێ شێوەزارەكان لە عاست یەكدیدا ـ هێواش هێواش ـ وەك توركی و عەرەبی و فارسییان لێ بێت.. ئەگەر ناوی زمانی كوردیش هات، ئەوە بڵێین هەزار رەحمەتی لێ بێت. !

من بیر لەو منداڵە كوردانە دەكەمەوە كە ئەو برادەرە مزگێنیی پێ داین كە رێپۆرتاژێكیان لە بارەیەوە پێشكەش بكات، ئاخۆ ئەگەر (یەكزمانی هاوبەش) كۆیان نەكاتەوە، چ زمانێك بە یەكەوە دەیانبەستێتەوە. ؟ حەتمەن ئەڵمانی ـ یە.. جا كەواتە جگە لە سۆرانی و بادینی، كوردی وەك زمان چ بوونێكی لەم نێوەندەدا نامێنێت.. ئایا ئەمە سەرەتایەك نییە بۆ ئەوەی چەمكی كوردایەتی لە ئارادا نەمێنێت، ئەگەر بێتو ئەو زمانە رەسمییەی زێتر لە سەد ساڵە پێی دەنووسرێ و سەرلەبەری سەردار و سالارانی كورد بە رێزەوە قبووڵیان كردووە، بەردوام نەبێت. ؟

ئەم هەنگاوە، پیاو بەرەو ئەوە دەبا گومان لەوە پەیدا بكات كە كورد ـ لە مێژوودا ـ وەك میللەتێكی رەسەن هەبووبن، بڕواش بەو تێز و تیۆرییانە بكات كە تا ئەمڕۆ وتراوە كە هەڵبەستەی دەستەوبەستەی دوژمنن.. دەنا مانای چییە منداڵی كورد لە یەك مەكتەبدا یان لە یەك كوردستاندا بە زێتر لە یەك لەهجە بخوێنن. ؟ مانای چییە لایەنێك لەولاڕا راست بێتەوە و بڵێ ئەگەر بە لەهجەی خۆم نەخوێنم، ئەوا زمانەكەی دیكەی بێگانە بۆ من ئاسانترو لەبارترە نەك هی هاوخوێنم. ؟!

ئێمەی كورد قەدری دەسكەوتان نازانین، كە كەللەمان گرتی ئەوەی پیرۆزیشە ناپیرۆزی دەكەین.. ئەگەر فێری دیموكراتییەت بووین، هەر بەو ناوەوە ئەوەی هەمانە وێرانی دەكەین.. دەنا پێوەندیی دیموكراتییەت بە خوێندنی لەهجانەوە چییە. ؟! یەكەم كار كە تورك لە دوای تەفلیشبوونی یەكێتیی سۆڤیەت بۆ وڵاتە توركەكانی ئەوێی كرد، ئەوە بوو لەرێگەی ناردنی كتێبی قوتابخانەكان، لەهجەی

رەسمیی توركیای كردە خوشكی گەورە و كۆشكی زمانی وانی ریك كرد.. ئێمەی كوردیش، هاوكات لەگەڵ ئەوەی رۆژبەرۆژ زێتر لە سەربەخۆیی نزیك دەبینەوە، خەریكە لەسایەی دەردەلەهەجاندا دەبین بە كەمایەتی و كانتۆنات.

ئەگەر پێشكەشكەری بەرنامە كە لە ئەڵمانیا دادەنیشێت، پێی وایە ئەو كارەی ئەو دەیكات، كارێكی زۆر پێشكەوتووانە و بلیمەتانەیە و هیچ زەرەری بۆ پەزی نییە، بلا بچێتە لای چەند پسپۆڕێكی زمانەوانیی ئەڵمان و راوێژێكیان پێ بكات و لێیان بپرسێت ئاخۆ ئەو كارەی جەنابی دەیكات چەند و بای چەند عانە یەكێتیی كورد ـ وەك میللەت ـ دەپارێزێت. ! ئەوسا منیش بەدیار بەرنامەكەیەوە دادەنیشم.

دەنا با كوردستانمان لێ نەكرێت بە شێخەڵڵای لەهجەكان. !

mohsinjwamir@hotmail. com